ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە گوێی لە پیاوێک بوو ووتی: نەخێر سوێند بە کەعبە، ئیبن عومەر ووتی: نابێت سوێند بخورێت بە جگە لە اللە، چونکە من گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو : «ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک سوێند بخوات بە جگە لە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی ئەوا کوفری کردووە بە خوا وهاوەڵی بۆ بڕیار داوە؛ چونکە سوێند خواردن بەمەزنداناني سوێند پێخوراوە، و بەمەزندانان تەنها مافی خوای گەورەیە ؛ بۆیە دەبێت مرۆڤ بەتەنها سوێند بە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی بخوات، وئەم سوێند خواردنە بە جگە لە اللە شیرکی بچووکە؛ بەڵام ئەگەر سوێندخۆر ئەوەندە سوێندپێخوراو بەمەزن دابنێت وەکو بەمەزنداناني اللە یان زیاتر ؛ ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبێتە شیرکی گەورە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3359